دەنگی ئێمە

# ئێمە لە نێوان وەهم و دیموكراسییەتدا

ئاوات عەبدوڵڵا دەینوسێت



ئێستا کە زیاتر لە یەك مانگ بەسەر پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردندا تێپەڕیوە لە ڕاستیدا ڕەنگە کەمێك ڕونتر یاخود بەدەر لە گوتە و موفرەدەی حزبی و ئایدۆلۆژی بتوانین هەندێك سەرنج بخەینە سەر مەسەلەیەك کە دەکرێت ئێمە تێڕوانین و دیدی تایبەت بە خۆمان هەبێت لە بارەیەوە وەك سەرەتا من بڕوام وایە هەڵبژاردن و دەنگدان پێش ئەوەی مەسەلەیەك بێت پەیوەندی بە مومارەسە و گۆڕینەوەی دەسەڵاتەوە هەبێت پەیوەندیەکی گرنگ و حەساسی بە مەسەلەی ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی دیموکراسیەوە هەیە، هەمومان ئاگادار بووین چەند هەفتەیەك لەمەوبەر لە کەناڵ و دام و دەزگا حزبیەکانەوە سەبارەت بە مەسەلەی دەنگدان بەردەوام ئەو جوملە و مانشێتانەمان بۆ دووبارە دەکرایەوە کە دەنگدانی ئێمە بۆ لیستەکانی ئەوان بۆئەوەی ببنە نوێنەری ئێمە لە پەرلەمانی بەغداد لە فەرهەنگی حزب و سیاسییەکانی ئێمدا تەنیا مانا و دەلالەتێك لە خۆ دەگرێت ئەویش بریتییە لەوەی بەشداری کردنی ئێمە لە دەنگداندا مەسەلەیەکی سیاسی و چارەنووس سازی نەتەوەی ئێمەی بەخۆیەوە گرێبەست کردووە، من نامەوێت لەسەر ڕاستی و ناڕاستی ئەم جوملانە بووەستم، بەڵام شتێکی لە هەموو ئەمانە گرنگ و بایەخدارتر بەلای منەوە ئەوەیە ئێمە پێویستە دوور لەم جۆرە بانگەشە حزبی و ئایدۆلۆژیانە خاوەنی بیر و دەنگی تایبەت بە خۆمان بین سەبارەت بە مەسەلەی دەنگدان، ئێمە دەبێت بزانین دەنگدان بەر لەوەی مەسەلەیەکی سیاسی و نەتەوەیی بێت شتێکە هارمۆنیەت و پابەند بوونێکی گرنگی بە چەمك و ئەندێشەی دیموکراسیەوە هەیە، ئێمە دەبێت لەڕێی هەڵبژاردنەوە ڕاستیەکی فەرهەنگی و ڕوناکبیری لای خۆمان زیندوو بکەینەوە ئەویش بەوەی لەڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە فێری ئەو وانە گرنگە بین کە ئێمە وەکو هاوڵاتی و وەکو تاکێك لە نێو کۆمەڵ ئێمەش دەتوانین لە دەستنیشانکردنی ئایندەی وڵات و نەتەوەکەماندا بەشداری و جێگای دەستمان هەبێت یاخود بە واتایەکی زانستی تر دەکرێت ئێمە لەڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە دەتوانین بە حزب و سیاسیەکانمان ئەوە هەر بەتەنیا ئەوان نین کە دەتوانن لە نێو پرۆسەی گەشەکردن و داکۆکیکەربن، بەڵکو ئێمە خەڵکانی دەرەوەی حزب و دەسەڵات دەمانەوێت وەکو جوانترین هەڵوێستی ویژدانی و مرۆیی بەشداری لە ئایندەیەکدا بکەین کە ئەو ئایندەیە بە هیچ جۆرێك موڵکی حزب و دەسەڵات نییە بەڵکو ئایندەیەکە کە ماف و بەرژەوەندی ئێمەشی بە خۆیەوە پەیوەستکردووە، من پێموایە هەڵبژاردن ئەو کاتە مانا ڕاستەقینەکەی خۆی دەسەلمێنێت کە ئێمە بتوانین لە تموحێکی سیاسییەوە بگوازینەوە بۆ پرۆسەیەکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سەرجەم لایەنە گرنگەکانی دیکەی نێو ساحەی ژیانمان، ئێمە دەبێت فێربین ئەو شتە چییە کەوادەکات هەڵبژاردن لە بری پۆستی حزبی و سیاسی ببێتە سەکۆی دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان، تێگەیشتن لەم مەسەلەیە تەنیا بە کرانەوە و گەشەکردنی ئاستی توانا و تێگەشتنی ئێمە بەرامبەر بە دیموکراسیەت دیاری دەکرێت، ڕاستییەکی تاڵ و سەیر هەیە کە نابێت هەرگیز لە بیرمان بچێت ئەویش ئەوەیە کە زۆرینەی حزب و دەسەڵاتی دکتاتۆرەکانی دونیا ئەوانیش ساڵانە هەڵبژاردن و دەنگدانیان تاقی کردۆتەوە، بەڵام بە شێوەیەك تەنیا تەمسیلکردن و دەنگدان عایدی خەڵکییە ئیتر ئەوەی کە دواتر دەمێنێتەوە حزب و دەسەڵات خۆیان سەر پشك و ئازادن لەوەی کە ئەنجامی ئەو دەنگانە بۆ مەرامی خۆیان و پۆست و سیاسەتەکانیان بەکاربێنن، کەواتە لێرەدا جیاوازی چییە لە نێوان هەڵبژاردنێکدا کە دەنگی خەڵکی داهاتوو و ئەنجامەکەی قوت دەدەن، من پێموایە تەنیا مەحەك و خاڵێکی جەوهەری بۆ ئەم مەسەلەیە هەبوونی هۆشیاری و ڕوناکبیری دیموکراسیە کە دەتوانێت هەڵبژاردن لە نێوان وەهم و ڕاستیدا پاڵفتە بکات لە ڕاستیدا شتێکی ئێجگار هەڵە و مەترسیدارە ئەگەر ئێمە وابزانین تەنیا بە چوونمان بۆ سەر سندوقەکانی دەنگدان ئەوا ئێمە مومارەسەی دیموکراسی دەکەین، بێگومان بەرلەمە ئێمە دەبێت پێش وەخت زۆر بە جدی خۆمان ڕانەهێنابێت لەسەر ئەوەی کە لە دوایدا ئەو دەنگەی کە ئێمە دەیخەینە نێو سندوقەکانەوە دەبێت خودی ئەو دەنگانە چارەنووس و ئایندەمان دیاریبکات.

زۆر هەڵەیە ئەگەر وابزانین هەڵبژاردن بەبێ قبوڵکردنی دەرەنجام و ئاکامەکانی ئێمە لەو هەڵبژاردنەدا بتوانین باسی دیموکراسیەت بکەین، چونکە بە گوتەی (محەمەد ئەرگۆن) ئەگەر دیموکراسی بەبێ مافە مەدەنی و سیاسیەکان تەنیا کورت کرایەوە بۆ نێو سندوقەکانی دەنگدان ئەوا هەر خودی ئەو سندوقانە دەبنە دارمەیتی هەڵگرتنی لاشەی مردوی دیموکراسی.